# ئیتر باسی سیاسەت ناکەم



## دوای ئەوەی کۆڕەکەی بەجێهێشت

# د.فەرهاد پیرباڵ: ئیتر باسی سیاسەت ناکەم!

**فوئاد عوسمان**

دوێنێ، د.فەرهاد پیرباڵ کۆڕێکی بەجێهێشت کەرێکخراوی پەرەپێدانی دیموکراسی لەهۆڵی میدیا لەشاری هەولێر بۆ د.فەرهاد، حەمەسەعید حەسەن، زیرەك کەماڵ و ئەبوبەکر کاروانی رێکیخستبوو.

د.فەرهاد بە**کوردستانی نوێ**-ی راگەیاند: بڕیاریشمدا لەئەمڕۆوە باس لەسیاسەت نەکەم و هەموو باسەکان بۆ مەسئولین بەجێبهێڵم.

تەوەرەکانی ئەو ئێوارەکۆڕە، تایبەتبوو بەگفتوگۆو لێدوان (لەبارەی بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان و عێراق)و ژمارەیەکی زۆرو بەرچاویش لەتوێژەکانی هەولێر ئامادەبیوون و دوای ئەوەی لەلایەن ئامادەبووانەوە داوای لێکرا لەبارەی بارودۆخی کوردستان و عێراق قسەبکات، چونکە ئامادەبووان گوتیان پیاوێکی سیاسیی نییە، لەبەرئەوە د.فەرهاد هۆڵەکەی بەجێهێشت.

پیرباڵ لەلێدوانەکەیدا بۆ **کوردستانی نوێ** رایگەیاند: زۆر سوپاسی ئەو کەسە دەکەم کەگوتی فەرهاد پیرباڵ سیاسیی نییە، تاوەکو باس لەبارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان بکات و منیش پێیاندەڵێم: (بۆ دەبێت تەنیا نائیب عەریف یان مەسئولین قسە لەسەر باری سیاسیی بکەن، میللەت دەربەست نییە تا باس لەو بابەتانە بکات). گوتیشی: بڕیاریشمدا کە لەئەمڕۆوە باس لەسیاسەت نەکەم و هەموو باسەکان بۆ مەسئولین بەجێبهێڵم.



شایانی باسە، دوای قسەکردن لەسەر هەندێك بابەت، نەتوانرا کۆڕەکە درێژەی پێبدرێت و بە ناتەواوی کۆتایی پێهات.